کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
3-12-2007 22:40 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا



## مەرگی ئەوین ... هێرۆ مەولودی

گەر ئەوین بمرێ
بە فرمێسکی چاوەکانم دەی شۆم
لە کراسە سپی ئاواتەکانم
کفنی بۆ دەبڕم
لە گۆڕستانی تەنیایی دەینێژم
خاکی کۆڵانی نامۆیی و غەریبی دەکەم بە سەریا
لە بەردی مەڕمەڕی
_دڵی ئەو خۆشەویستە _
کێلی بۆ ساز دەکەم
لای گڵکۆی دادەنیشم
باڵۆرەی تەنیایی بۆ ئەچڕم

gelarezan@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.